# هێمای دەروونی لە دەقەواڵاكانی شێركۆ بێكەسدا

## ئەم توێژینەوەیە بەشێكە لە تێزی دكتۆرا بە ناونیشانی

## (هێماگەری لە دەقەواڵاكانی شێركۆ بێكەسدا)

**پ.د.مەریوان عومەر حەسەن**
زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زمان
بەشی زمانی كوردی
hazhar.faqe@garmian.edu.krd

**م.ی.هەژار فەقێ سلێمان حسێن**
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان
Mariwan.hassan@univsul.edu.iq

**پوختە**

یەكێك لە كارامەیی و تێڕامانە جیاوازەكانی شـــاعیران، گەڕان و بەرباســـدان و وێناكردنی ناخودئاگا و بارە دەروونییەكەیەتی لە شـــیعردا، ئەمەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندییە شـــاراوەكانی نێوان هێما و هێمابۆكراوەوە دەبێت. ئەم هاوشـــێوەكردنەش فاكتەرێكی بەهێزە بۆ ئەو خاڵیبوونەوە دەروونییەی، كە شـــاعیران بەردەوام لەســـەر زاریانە، ئەمەش دەریچەیەكی بەهێزە بۆ ناســـینی ئەزموونی ســـۆزداری شـــاعیران لەلایەن ڕەخنەگران و توێژەران و خوێنەرانەوە. مەبەســـت لە ئەزموونی ســـۆزیش، هەر ئەزموونێكی ســـۆزدارییە، كە شـاعیران پێیدا تێپەڕیون و تیایدا گینگڵیان داوە و پێوەی تلاونەتەوە، وەك سـۆزی خۆشـەویسـتی و سـۆزی نەتەوەیی و سـۆز و خەمەكانی بۆ مرۆڤ و سروشت و ژیانی دەورووبەر و جیهان.

ئەم چە شنەی هێما (هێمای دەروونی)، چە شنێكی وێنە درو ستكەرە و ئامادەییەكی دیاریان هەیە لە درو ستكردنی وێنە شیعرییە دەروونیەكاندا، كە لای سیمبۆلیستەكان باو بووە، نیگەرانی و شڵەژانە دەروونییەكانیش باچڤەی وێنەی شیعریی دەكەن و لە نێو هارمۆنییەكی زمانی و شیعریدا وەگەڕی دەخەن.

**الخلاصة**

الرمز النفسي في النصوص المتنوعة لشيركو بيكس، يعتبر البحث التصوير اللاشعوري والحالات النفسية في الشعر من احدى المهارات التي يتمتع بها الشـــعراء، وذلك من خلال ايجاد العلاقات المخفية بين الرمز والمرموز اليه، وهذا التماثل عامل واضـــح لذالك التفريغ النفســـي لدى الشـــعراء، وهذه علامة واضـــحة وقوية في معرفة التجربة العاطفية



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

للشــعراء من قبل النقاد والدارســين والقراء. القصــد من التجربة العاطفية اية تجربة عاطفية يمر بها الشــعراء ويعانون منها، كعاطفة الحب والعاطفة القومية والامة تجاه الانسان والطبيعة والحياة والعالم.

هذه النوع من الرمز (الرمز النفسي) نوع من التصوير الفني والتصوير الشعري النفسي، كما هو شائع في المدرسة الرمزية. والضمان سير البحث رفق طريقة منهجية ارتايت الا ستعانة بالمنهج الو صفي التحليليي .وتنقسم البحث الى فصلين:

الفصل الاول: وهو الفصل النظري من البحث حول مفهوم والمصطلح الرمز والرمز في الادب والعلم النفس .الفصل الثاني: وهو الفصل العملي من البحث تطرقت فيه عن استخراج الرموز النفسية في النصوص المتنوعة لشيركو بيكس، ثم الخاتمة و الاستنتاجات التي توصل اليها البحث وقائمة المصادر والمراجع .

المفتاح: الرمز، الرمز النفسي، شيركو بيكس.

## Abstract

Psychic Symbols in Sherko Bekas's Long Poems. One of the skills and creativities in a poet's variable contemplations is his search, his depiction and his subconscious portrayal of his psychic state in poetry. This is done through discovering the hidden relations between the symbols and the symbolized. This similarization is a strong factor for the psychic annihilation the poets keep referring to. Therefore, this becomes a notable aperture through which scholars, researchers or readers can be familiar with the poet's emotional experience. What is meant by emotional experience is any experience that has caused a poet suffers anxiety and disquiet, such as emotional love, love for the land, for the nation, or for mankind and life in general. This type of symbol, psychic symbol, is an image projecting type, and they have a remarkable presence in creating psychic poetic images, which was especially common among the symbolists, they would interpret their anxiety and disquiet into poetic images, and insert them in the harmonious realm of language and poetry. The method of psychoanalysis has been used in this research, which in turn consists of two chapters. In the first one, the theoretical chapter, the relevant terms of symbols and symbolism in literature and psychology have been defined. The second chapter, which constitutes the practical one, sheds light on the psychic symbols in Sherko Bekas's long poems as well as their analyses. In the end, the conclusions and resources have been listed. Keywords: symbol, psychic symbol, Sherko Bekas.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ناساندن و دەستنیشانکردنی ئەو دەریچانەیە کە لە ناخودئاگایی شاعیردا (شێرکۆ بێکەس) هەن، کە لە هێماگەلێکی دەروونییدا دێنە دەرەوە و شـــاعیر لەم ڕێگەیەوە خاڵیبوونەوە و بارە دەروونییەکەی خۆی تێیدا لە زماندا دەردەبڕێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** وەسفیی شیکاری.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا، لە بەشی یەکەمدا، کە بەشێکی تیۆرییە، چەمک و زاراوەی هێما و هێما لە ئەدەب و دەروونناسیدا باسکراوە.

لە بەشـــی دووەمیشـــدا، کە بەشـــە پراکتیکەکەی لێکۆڵینەوەکەیە، نموونەی هێما دەروونییەکان لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا شیکراوەتەوە و بەرباس دراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشە: هێما، هێمای دەروونی، شێرکۆ بێکەس.

**بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما و هێما لە ئەدەب و دەروونناسیدا**

**یەکەم: زاراوە و چەمکی هێما**

**لە دووتوێی خســتنەڕووی چەمک و زاراوەی هێمادا، دەبینین لە لای هەر نەتەوەیەک، بە گەلێک شـێوە و واتای هەمەجۆر خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە ((** لە زمانی ئینگلیزیدا هێما بەرانبەر (symbol) بەکار براوە، (زاراوەی هێما (symbol)لە بنەڕەتدا لە کاری (symballein)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای (پێکەوەهاویشـتن) دێت، واتاکەی (symbolon)ـــە، کە بە واتای نیشـانە و دروشـم و ئاماژە، یان هێما دێت، جا زیندوو بێت، یان نازیندوو)). ( Cuddon ،١٩٩٩: ٨٨٥)

هەروەها لە فرەیەک لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە گشـــتی و لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا بە تایبەتیی، بەم ڕەنگە ناسـێنراوە، بۆ نموونە لە (لســان العرب)دا ئاوا پێناســە کراوە: ((جووڵەیەکی بێدەنگی زمانە، لە وێنەی چپە، بە بزاوتی لێو، بێ هیچ دەنگێك، دەڵێن هێما ئاماژەیەکە لە ڕێی لێو و چاو و برۆ و دەمەوە)). (الافریقی،١٩٩٧: ٣٥٦).

لە زمانی فارسییدا زاراوەکانی وەك (نماد) و (سمبل) و (رمز)یان بۆ هێما داناوە. لە فەرهەنگی (لغتنامه دهخدا)شدا بە هەمان شێوەی (لسان العرب) هاتووە، کە ((هێما ئاماژەدانێکە بە لێو، یان بە برۆ و چاو)). (دهخدا ، ١٣٤١: ١٨٣٧).

لە زمانی کوردیشـــدا بە گشـــتی هێما و ڕەمز بەکار هاتووە و هەندێجاریش ســـیمبۆڵ بەکار براوە، هاوکات (جەڤەنگ)یش لای چەند شـــاعیرێك ئاماژەی پێ دراوە. ئەڵبەتە لە زمانی کوردییشـــدا، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان کاری هەیە و ئاماژەیە بۆ هەمان واتای هێما.

(ئەرســتۆ) کۆنترین کەســە لە ئاســتی زماندا لە هێما دواوە و دەڵێت: (( وشــەکان هێمان بۆ واتای شــتەکان، وشــە وتراوەکان هێمان بۆ دۆخی دەروون، و شە نووسراوەکانیش هێمان بۆ وشە وتراوەکان، بەم جۆرە زمان لای (ئەرستۆ) هێمایە بۆ هزر، هەروەها سێ ئاستی بۆ هێماش داناوە، کە بریتین لە:-

١. هێمای تیۆریی، یاخود لۆژیکی، ئەمە لە ســۆنگەی پەیوەندییەکی هێمایی بەرەو زانیاری دەچێت، کە ئاســتە لۆژیکییەکەیە.

٢. هێمای کارەکیی، کە بە واتای کردار دێت و لایەنی ئاکار و هەڵسوکەوت دەگرێتەوە.

٣. هێمای شیعریی، یا ئیستاتیکی، کە بە واتای دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز و هەڵوێستێکی ویژدانی دێت و بۆ لایەنی هونەری دەگەڕێتەوە)). (تودوروف، ٢٠١٢: ٢٠).

وەک دەبینین ئەم سێ ئاستە لای ئەرستۆ توانا و پاشان توانستی مرۆڤ دەردەخەن، وەك بوونەوەرێکی هێمادارێژ، کە زمانی، وەك هێمایەك بۆ بیر داناوە و وردتریش هێمای بۆ کۆی وشـــەکان دارشـــتووە بۆ گەیشـــتن بە واتا. هێمای شیعریشی، وەك دوائاستی بەکاربردنی هێما داناوە، کە هێمای دۆخە دەروونیی و ویژدانییەکان دەکات و تاك دەبێتەوە.

هەروەها (د.جەمیل سەلیبا) لە پەرتووکی فەرهەنگی فەلسەفییدا نووسیوێتی، ((هێما دەرخەری شتێکی ترە و دوو جۆرە، هێمایەکی هەســتەکی، کە دەرخەری شــتێکی هەســتەکی ترە، وەك هێمای ژمارەکان بۆ شــتەکان، یان هێمایەکی هەســتەکیی، کە دەرخەری بابەتێکی مەعنەوییە، وەك ڕێویی هێمای فێڵ و تەڵەکەبازیی و ســەگیش هێمای وەفایە)). (صلیبا، ١٩٨٢: ٦٢٠)

هەروە ها (مە جدی وەهبە)ش لە فەرهەنگی ســێینەی- ئینگلیزیی، فەرەنســیی، عەرەبیی- (معجم مصــطلحات الادب)دا نووسیویەتی: هێما بە سێ واتا هاتووە لە کۆندا، ئەوانیش بریتین لە :-

١- کورتەی ئەو بنەمایانەیە وا باوەڕدارانی مەســیحی پێوەی پەیوەســتن، کە ئەمەش مانای کۆنیی ئەو زاراوەیەیە، (واتا بنەما و ڕوکنەکانی ئایینی مەسیحیی.)

٢- دروشــم: ئەوەی ڕێبازێك و کەس و خێزان و گەلێك لەوی تر هە ڵدەبوێرێ بە وتراوێکی کورت بێت، یان بە وێنەیەك بێت.

٣-ئەو شــتەیە وا شــوێنی شــتێکی تر دەگرێتەوە، نەك وەکیەکییەکی تەواو، بەڵکو بە ئیحـایەك، یـان بوونی پەیوەندییەکی لە خۆوە و ناسراوی نێوانیان. (وهبە، ١٩٧٤: ٥٥٢)

شـایەنی باســە، خاڵی ســێیەم بووەتە بنەمایەکی ســەرەکیی و گشــتگیر بۆ ناســاندنی هێما بە گشــتی و لە دەقی ئەدەبیشــدا بە تایبەتیی، کە شــوێنگرتنەوە و لەجێدانانە لە ســۆنگەی پەیوەندییەکی ناســراوەوە، ناســینەوەکەشــی گرێدراوی توانای دەرککردن و پاشخانی خوێنەرە.

بەهەرحاڵ، هێما چەمکێکی دووپەژمە، یەکەمیان شــتێکە و لە بری شــتێکی تر، یاخود ئیحای بۆ شــتێکی ترە. دووەمیشــیان بەیەکداچوونی دووشــتە، یەکێکیان ئاشــکراو ئەوی تریان شــاراوە. هاوکات دوو واتاش دەبەخشــێ ((یەکێکیان ڕا ستەوخۆییك کە یەکسەر و شەکان دەیبەخشن و خوێنەری شارەزا و نە شارەزا وەری دەگرێ، دووەمیان ناڕاســتەوخۆیە، وشــەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و ڕســتەکانیش ســروشــتی دەدەنێ، پەیبردن بەو مانایەش پێویســتی بە شارەزابوون و باری ڕۆشنبیریی مرۆڤ هەیە)). (محمد، ٢٠١١: ١٣٢)

پێناسـەیەکی تری ئەم چەمکە ئەوەیە، ((هەر نیشـانەیەك کە واتایەکمان دابێتێ، یان خەڵکی واتایەکی دابێتێ، ئەوا دەبێ بە هێما، بۆ نموونە (خۆر) کاتێك دەبێت بە هێما، کە وا تایەکی وەك (خۆشــیی، ئازادیی، ڕوو ناکیی) وەرگرێ، هێمادا نان لە ژێر دەســەڵاتی کۆمەڵە، مەرجیش نییە هەمووو کۆمەڵەکە لە ســـەرجەمی هە مان وا تادا ڕێك بکەون)). (خۆشناو،٢٠١٠ :٣٢).

لە ڕاستیدا، هەر هێمایەکیش پێویستی بە سێ ڕەگەز هەیە، کە ئەمانەن:-

١. دال: ئەوەیە، وا شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، واتا خودی هێماکەیە.

٢. مەدلوول: ئەو شتەیە، وا دال شوێنی دەگرێتەوە. واتا هێمابۆکراو.

٣. دەلالەت: ئەممەش پەیوەندیی نێوان (دال و مەدلوول) دەگرێتەوە، پەیوەندییەك، کە پێویستە هەستی پێ بکرێت و شی بکرێتەوە. (حەمەد، ٢٠١٢: ١٧)

سێینەی پرۆسەی هێما نەگۆڕ و جێگیرە، یەکەمیان جێگرە و داهێنراوە، دەوڵەمەندیی و نەبڕاوەیی دالمان بۆ دەنوێنێ لە پرۆسەکەدا. دووەمیان ئەوەیە، وا ئاماژە و هێمای بۆکراوە، بنچینەییە و دەشێت لە شوێن و کات و کۆنتێکستی تردا دالی تری بۆ سەربار بخرێ. سێیەمیان دەرخەری بوونی ئەو پەیوەندییە ئاشکرایە دەکات وا لە نێوان دال و مەدلوولدا لە گۆڕێیە، گەر لەخۆوە بێت یان نا، ڕێکەوتنێکی گەرەک، یان بۆ نموونە لە دەقی ئەدەبیدا پاساو و ڕەوایەتیی بەو پەیوەندییە دەدرێت. هەندێ جار لە هێمادا ((دال و مەدلوول لێک ناچن، چونکە پەیوەندییەکە لە بنچینەدا لەخۆوەیە و پێویستە نیشانەکە جێگیر بکرێت و فێری ببین، یانیش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ شتێك لەسەر بنەمای یاسایەك)) (ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢٤٥). بۆ نموونە، گەر هەمان هێمای (خۆر) لای گەلی کورد بکەین بە نموونە، بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتیی و جوگرافیی و ڕۆڵی لە ژیانە کشتوکاڵییەکەیدا بە پرۆسەیەکی هێماسازیی و پیرۆزدا گوزەری کردووە و لە درێژەی قۆناغە مێژووییەکەیدا ڕۆڵی لە سازاندنی باوەڕمەندیی و ئایین و ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا گێڕاوە و لە ڕێی کۆنەستی گەلەوە بووە بە جۆرێک لە (شاهێما) و سۆزی هاوبەش.

بە بیروڕای توێژەری ئەڵمانی (کاهلیر) دوو چەشن هێما هەن، (( (هەڵس) و (کەوت)، هێمای (کەوت) لە خودی خۆی دەست پێ دەکات و لە واقیعێکی دیاریکراوی پێشووەوە واتامان بۆ دەکەوێنێت، دواتر ئێمە بەهای هێمایی لێ وەردەگرین بۆ لێکدانەوەی ڕاستییەکی مێژوویی، یان ئەفسانەیی؛ هێمای (هەڵس) پێچەوانەی ئەمەیە، لە بیری هونەرمەندی داهێنەرەوە سەر هەڵدەدات و بێ ئەوەی هیچ ڕێچکەیەکی پێشووتری هەبووبێت)) ((دزەیی، ٢٠١٥: ٢٧))، لە هێمای (هەڵس)دا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە وا داهێنەری ئەدەبیی لەمەڕ بیر و دەروونی خۆی دەرگای بەهێماکردنی بۆ ئاوەڵا دەبێت بۆ چنینی تانوپۆی هێمای نوێ و لەپێشینەنەچوودا.

دووەم: هێما لە ئەدەبدا

هێما لەنێو دەقدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بریتییە لە وشەیەك، یان دەربڕینێك، کە واتای فەرهەنگیی خۆی دەبەزێنێ و بۆ واتایەکی تر بەکار دێ، ئەگەر چی ((هەموو هێماکان، وەك خواستن، یان درکەن و شوێنی شتەکانی دی دەگرنەوە)، بەڵام بەوە لێیان جیا دەکرێتەوە، کە لە هێمادا کۆمەڵگە و دەروبەر لەسەر ئەو واتایە ڕێك کەوتوون و واتاکە نزیکییەکی فەرهەنگیی نییە، بەڵکوو جۆری داپۆشین و پەیوەندیی پێکهاتەیی نێو دەق و بونیادی دەربڕینەکە و بوونی ئیحایەکی کاریگەر هێماکە پتەوتر دەکەن)). (خۆشناو،٢٠١٠ : ٣٠٥)

(بۆدلێر)، کە بە یەکێك لە ڕابەرانی ڕێبازی هێماگەریی دادەنرێت پێی وایە: ((دنیا بێشەیەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژەیە، هەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوە و پەنهانە، تەنیا شاعیر، بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە، هەستی پێ دەکات، ئەو جیهانە جیاوازانەی وا کار لە هەست و حەواسی ئێمە دەکەن، پەیوەندیی وردیان لە نێواندا هەیە و شاعیر دەبێ کەشفیان بکات، بیاندۆزێتەوە و بۆ نیشاندانی

مەبەستەکانی خۆی بە زمانێکی تر سوودیان لێ وەربگرێت)). (حسەینی،٢٠١٨: ١٧٣)، لای (بۆدلێر) هێما هەیمەنەدار و سەرتاپاگیرە و خودی ژیان وەك هێمایەك دەبینێت، بە پلەی یەك ئەرکی شیتەڵکردن و لێکدانەوە بە شاعیران دەسپێرێت، شاعیرانیش زمان تاکە ئامرازی دەربڕینیانە، ئەو پەنهانی و شاراوەییەی ژیان جارێکی تر لە ڕێگەی شیعری هێمادارەوە پاچڤە دەکرێت و وەردەگێڕدرێت، تاوەکو پەی بەو لێڵیی و تەمومژەی ژیان ببرێت.

هەروەها (د. فەرهاد نازر کرمانی) لە کتێبی (هێماگەریی لە ئەدەبییاتی شانۆییدا) دەڵێت: ((هێما تەنیا ئاماژەیەك نییە بۆ مانا و سیفاتی دیارییکراو، بەڵکە دەسەڵاتێکی نادیارە بۆ بەخشینی مانای جۆراوجۆر، هەروەها پانتاییەکیشە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات. بۆ نموونە شەڕ هێمایەکە بۆ وێرانکاریی و خوێن و مەرگ. هەروەها هێمایەکیشە بۆ ئازایەتیی و جوامێریی، بە هەمان شێوە هێمایەکیشە بۆ دەسەڵات. بە دیوێکی دیکەدا، واتە هێما پێکهاتەیەکی کاریگەر و وزەبەخشی نائاگایی مرۆڤەکانە و بە ئاراستەیەکی نادیاریکراودا دەڕواو گەردوونێکی شووشەییە و وێنەکان تیایدا پێچەوانە و چەندجارە دەبنەوە)). (کرمانی،٢٠٠٠ :٥). وەک دەبینین ئەم پێناسەیەی (د. کرمانی) جەخت لە بوونی دەسەڵاتێکی نادیار دەکاتەوە بۆ پێدانی مانای جۆراوجۆر، دەسەڵاتی نادیاریش بەو مانایەی مرۆڤ توانای لە زمانەوە تێدەپەڕێت بۆ مێتازمان (میتازمان ئەو فۆرمەی زمانە، وا دەتوانێ زمانێکی تر لە زمانی ئاسایی دەربهێنێ، جا بە مانای جۆراوجۆر و ڕاڤەی جۆراوجۆری تریش)، زمان وەك بوونەوەرێك کاژ فڕێ دەدات و بەرگی خۆی نوێ دەکاتەوە و خۆی لە مانا باوەکانی ڕادەپسکێنێت. هاوکات مەبەستێتی بڵێت هێما دەسەڵاتێکی کاریگەری تری مرۆڤە، کە وێنە و وشەکان وێنە و وشەی تری لێ دەبێتەوە، یان هەڵدەگیرێن و لە کات و شوێنی تردا دێنە سەرەوە، ئەوەش بەو مانایەی قودرەتی دانانی( هایپەرلینك)ی بۆ وشەکان و وێنەکان و دەستەواژەکان هەیە (لێرەدا، هێمامان بە هایپەرلینك چواندووە، هایپەرلینک زاراوەیەکی تەکنۆلۆژییە، کە توانامان پێ دەدات دۆکیومێنتێك هەڵبگرین و لە کات و شوێنی تردا بە کرتەیەك بیهێنینەوە). زمانی وەک دەسەڵاتێک چواندووە، ئەمە پێناسەکەی ئەوی لە پێناسەی ڕێبازە فەلسەفییە مۆدێرنەکان بۆ زمان نزیک کردووەتەوە، چون زمان و هێما بوونەوەرێکی بێ جووڵە و بێگوناه نین، بەڵکو سەرشارن لە نەرمەهێزی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرهەنگی و ئاینی و ئەدەبی. زمان، وەک پێدراوێکی هێمایی بە شێوەیەکی بازنەیی نەبڕاوە هەمیشە لە پرۆسەی مراندن و داتاشینی هێمادایە، سا دەتوانین ئەمە ناو بنێین شۆڕشێکی بەردەوامی زهنییەتی هێماسازی مرۆڤ دژی هێما کۆنەکانی خۆی.

(جان کۆهین) لە کتێبی (بنیاتی زمانی شیعریی)دا سە بارەت بە دەلالەتی هێمایی دواوە، ((لە پاڵ دەلالەتی (گونجان، یان هاویەکیی، یان جووتکردن)یەوە وەك دوو جۆر لە چەمکی واتا دایاندەنێت، ڕای وایە دەلالەتی هێمایی ئاماژە بە کاردانەوەیەکی سۆزەکیی دەدات و دەڵێت هەر بۆیە ئەرکی شیعر هێمایە، لە بەرانبەردا دەلالەتی (گونجان) کاردانەوەیەکی ئەقڵیی یان ژیرییە، ئەرکی پەخشانە)). (کۆهین، ٢٠٠٨: ١٥١).

بە پەشتبەستن بەو پەیوەندییەی نێوان هێما و سۆز، هێما وەك کاردانەوەیەکی سۆزەکیی مرۆڤ، هەر خودی (جان کۆهین) پێی وایە ((وشە بەپێی سەرچاوە هزرییەکانی دیاری دەکرێت. بۆ نموونە سیفەتە عاتفییەکان مانای خوازەیی دەبەخشن، دەتوانرێت گریمانەی فەرهەنگێکی هێمایی وشەکان لە سەر بنەمای پێوەرە سۆزدارییەکان بخرێتە زەینەوە.

بۆ نموونە وشەی سوور، هێمای تووڕەیی و توندوتیژیی و هەڵچوون دەبەخشێت، لە کاتێکدا وشەی شین هێمای هێمنی و لەسەرخۆیی دەبەخشێت. (سەرچاوەی پێشوو : ١٥٦)

پەیوەست بە بەکارهێنانی هێما لای شاعیران پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، کە مەرج نییە ئەو هێمایەی لای شاعیرێك، بۆ گەیاندنی واتایەك بەکار دێت، لای شاعیرێکی تریش هەمان واتا بگەیەنێت، هەروەك دە شێ شاعیرێك بۆ گەیاندنی دوو واتای جیاواز هێمایەك بەکار بهێنێت، لەبەر ئەوەی هێما خاوەنی سروشتی فرەڕەهەندیی واتایی و نەبوونی قەوارە و ڕەنگێکی دیارییکراوە، هەربۆیە گەلێك لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاوازیش لای خوێنەرانی دروست دەکات. لەم کارەشدا ئەزموونە شیعریی و دەروونییەکانی شاعیر ڕۆڵ دەبینن، بە تایبەت لەو هێمایانەی وا داهێنراوی خودی شاعیرن، چونکە لەم جۆرەدا ((داهێنەر ئازادییەکی زۆری لە گەشەدان بە واتاکان هەیە، وێڕای ئەوەش خاوەنی کۆمەڵە کلیلێکی تایبەتییە، کە بەهۆیانەوە خوێنەران دەباتە نێو جیهانەکانی خۆیەوە)). (کەریم، ٢٠٠٩ : ١٥٧).

ئەرکی سەرەکیی هێما لە ئەدەبییاتدا ((زیادکردنی بەهایەکی نوێیە بۆ شتێك یان کارێك، بێ ئەوەی لە بەها مێژوویی و ئێستاییەکەی کەم بکاتەوە)). (J.E،Cirlot ، ١٩٧١ :٢٠)، ئەمە ئەو ئازادیی بەکاربردنە بۆ شاعیران دەستەبەر دەکات، کە خۆی بە هێما باو و مێژووییەکانەوە نەبەستێتەوە، بەڵکو برستی ئەوەی پێ دەدا لە سیاقی دەقەکەیدا خۆشی مەدلوولی نوێی بۆ سەربار بخات.

بەهای هێمای ئەدەبیی لە ناو خودی هێماکەدایە، نەك لە دەرەوەی،٠(چونکە زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە، لە کاتێکدا زمانی ئا سایی زمانی ئا شکرایە، شیعرییش وای لە زمان کردووە ڕێگەت پێ بدات شتێك بڵێیت، کە لە ڕێگەی خۆیەوە نەبێت، دەرنابڕدرێت)) (ادونیس، ١٩٧٠: ١٢٦)، بەو هۆیەی لە ئەدەبییاتی نوێ و هاوچەرخیشدا شیعر گرێدراوی دەروونێکی هەزارلۆ و توێتوێ و و پێچاوپێچی شاعیرە، بە دیدی (ئەدۆنیس) بۆ ئەوەی وێنای ئەو دەروونە بکات و ئیقاعداری بکات پەنا دەباتە بەر شیعر، باشترین تەکنیکیش بۆ ئەمە، هێمایە، چوون هێما ئەو هارمۆنییەت و پارسەنگە دەپارێزێت.

کەم کاری ئەدەبیی دەبینرێت سەرشار نەبێ لە هێما، هەربۆیە تا هێماکان زۆرتر بن، ئەوا زیاتر زمانی دەقەکە بەرەو زمانی شیعریی دەڕوات. شاعیر هێما بەکار دەبات، تاوەکو لە بیرە پەتییەکان (ئەبستراکت) نزیك بێتەوە، بیرە پەتییەکانیش، ئەو بیرانەن یان ئەو حەز و ئاواتانەن، کە وا ئاشکرا نابن و بە بەرجەستەیی ناکەونە بەر چاوان، جا ((ئەمەش بەهۆی ترسەوە بێت، وەك ترسی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و ئاینییەوە. یان لەبەر فەوتانی ئەو پیرۆزییەی وا لە تەجریدبوون تەواوەتیی بیرۆکەکاندا هەیە، بە جۆرێك، کە ئەگەر بەرجەستە ببن، ئیتر پیرۆزیی و چێژی ئەدەبییات نامێنێت، سروشتێکی کاری ئەدەبیش ئەوەیە کە پڕە لە حەزی کامڵ نەبوو و لە بیری ناکام، لێرەوە هێماش نوێنەری هەموو ئەو ئارەزوو و بیرانەیە، کە نایانەوێت ئاشکرا بن)). (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٢٨)

دەرکەوتووترین ڕێسا بە بڕوای (بۆدلێر) بوونی (ئاڵۆزیی) و (نادیاریی) و (پەنهانی)ە، کە لەڕێگەی هێماوە دەبێت، لە شیعردا، کە بە عەرەبیی ناسراوە بە (الغموض) (نامۆیی) لەگەڵ ئەوەشدا (نوێکاریی) واتە (حداثە) بە بڕوای (بۆدلێر): ((شیعری نوێ ئەو شیعرەیە کە تێدەپەڕێ و دەرباز دەبێت)) (تاوریریت، ٥٨:٢٠١١). بە شێوازێکی تر (بۆدلێر)

دەیەوێت ((چوارچێوە کۆنەکان تێك بشکێنێت و شێوازە ناسراوەکان تێك بدات، ئەو دەڵێت هەڵبەستی نوێ لەگەڵ جیهاندا دەپەیڤێت، لێرەدا دەیەوێت پەیوەندییەکی چڕ لە نێوان هەڵبەستی نوێکاریی و جیهاندا پەیوەست بکات، ئەو جیهانەی پڕە لە ئازار و خەم هەڵبەستێکی دەوێت کە پەیوەست نەبێت بە کۆمەڵگەیەك یان گەلێك یان نەتەوەیەك. لێرەوە هەڵبەستەکە و جیهان یەکدی دەگرنە ئامێز و هەموو جیهان دەبێتە هەڵبەستێك، وەك ئەوەی ئێمە خودی خۆمان و کەسێتیی کەسانی تر لە ڕێگەی هەڵبەستەوە ببینین)).(سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە).

وەك چۆن (هێماییەکان)، نادیاریی شیعر بە مەرجێکی گرنگی شیعر هەژمار دەکەن، (بۆدلێر)یش ئاماژە بۆ بنیاتێکی گرنگی شیعر دەکات و دەڵێت: ((دوو شت پێویستن بۆ شیعر: بڕێك لە ڕێکخستن و دانان و شتێکی ئەوتۆی ڕۆحیی ئاماژەیی، یان نادیاریی، وەك ئەوەی ڕێڕەوێکی شاراوە بەکار بهێنێت بۆ بیرۆکەیەکی نادیار. بە واتایەکی تر شیعرییەت وەك بۆدلێر بڕوای پێ دەهێنێت پەیوەندیی بە سەردەمەوە نییە و لە سەر بنەمای شۆڕش دژ بە نەریتەکان و دابە کۆنەکان دەکرێت، شیعرییەت یاخیبوونێکە دژ بە بنەماکانی شیعرییەتی پێشوو)). (سەرچاوەی پێشوو: ٥٩)

وەک ئاشکرایە دەربڕینی دەروون و شیعر دوانەیەکی دانەبڕاون، شیعر و ئەدەبیات جێگە و پێگەی دۆخە دەروونییەکانە. تێکستی ئەدەبیی لای زانا دەروونییەکان و ڕەخنەگرانی ئەدەب، ((بریتییە لە خەزێنەیەکی گەورەی بابەت و هێما، ئەمانە لە ڕاستیدا چەند کلیلێکی گرنگن بۆ کردنەوەی کۆد و نهێنییەکانی تێکست، خودی ئەدەبیش خەزێنەیەکی دەوڵەمەندە لە مانا و دەلالەت، کە ئاماژە بۆ ژیانی نائاگایی مرۆڤ دەکەن)). (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٤٣)

(د.بەسام قطوس)یش لە لە پەڕتووکی (دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ)، لە بەشی میتۆدی دەروونییدا دەڵێت: ((لەوانەیە ئاسان نەبێت، ئەدەبێك پێکبێت، بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێك نەبێت لە دەروونی خاوەنەکەی، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێك نەبێت لە هەستی ئەدیب بەرانبەر ئەو شتانەی لە دەورووبەریدا هەن، ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەمووشتێك بەرهەمی دەروونێکی مرۆییە، بەو پێیەی ژیانی ئەقڵییش دوو جۆرە، ئەقڵی دیار(هەست) و ئەقڵی ناوەکی و نادیار (نەست)، زۆر جاریش ئەقڵی دیار بەرهەمی ئەقڵی ناوەکیی و نەستییە، لە هەناویشیدا بەرهەمی ئەدەبیش بەرئەنجام و هاوکاتیش لە ژێر کاریگەریی ئەو نەستەدایە)). (قطوس، ٢٠١١: ٦١)

لە کۆی گشتیی و گوشراوی ئەو ناساندنانەی هێما وەك زاراوە و چەمك و هاوکات هێما لە نێو ئەدەبییاتدا، دەگەینە ئەوەی، کە هێما زاراوەیەکی کۆن و چالاك و بەردەوام بەکاربراوی نێو میللەتانە، لە کورترین پێناسەیدا بەکاربردنی شتێکە (وشە یان وێنە یان نیشانەیەکی نازمانیی) لەبری شتێکی تر، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان لەخۆوە لە نێوانیاندا هەیە، پرۆسەی هێما خۆی لە خودی هێماکە و هێمابۆکراودا دەبینێتەوە، سیاق و ڕێکەوتن ڕۆڵی هەیە لە دروستکرنی هێمادا، هێما لە زەمینەی فراوانکرنی واتای نوێدا بەشدارە. هێما لە ئەدەبییاتیشدا بەرجەستەکەر و وەرگێڕی هەست و نەستی شاعیرانە، لە ڕێگەی هێماوە دەقی ئەدەبیی کورت و چڕ دەبێتەوە، شیعر لە ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاویی دوور دەخاتەوە، شاعیران بەردەوام پەنایان بۆ بردووە، جا ئیدی بۆ هەر مەبەستێك بێت، وەك مەبەستی ئیستاتیکیی و دەروونیی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و... هتد.

**سێیەم: هێما لە دەروونناسییدا**

بەو هۆیەی هێما نوێنەرایەتیی هەستێك، یان ئایدیایەك، یان وێنەیەك دەکات، هێماش لە نێو بیر و دەروونەدا لێك دەدرێتەوە و کاریگەریی جێ دەهێڵێت. لێرەوە دەروونناسان لایان لەم زاراوەیە کردووەتەوە و بووەتە جێی بایەخیان، بەتایبەتی لای هەردوو گەورە دەروونشیکاری جیهانیی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩ز) و کارڵ گۆستاڤ یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١ز).

جێی باسە، لەسەر بنەمای کارەکانی (فرۆید) میتۆدێکی نوێ هاتە کایەوە، کە ڕێبازی دەروونناسیی ئەدەب بوو، فرۆید هەوڵەکانی خۆی لە سەر ئەفسانە و چیرۆك و بەسەرهاتە کۆنەکان تۆخ کردەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی دەروونیی لەو ڕووداوانەدا، وەك لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی ئۆدیبی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانیی، ئەم هەوڵەی فرۆید کە ئاوڕی دایەوە لە ئەفسانە و بەشێکی ئەدەبی گەلانی کۆن، خۆی لە خۆیدا بە سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانیی ئەدەبیی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە فرۆید لەم کارەیدا دەرگای لە سەر ئاوێزانبوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب و دەروونزانیی لەگەڵ یەکتردا کردەوە. بەم کارەشی بەردی بناغەی دەروونشیکاریی ئەدەبیی دانا و ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی دوای خۆی، کە ئەم هەنگاوە بە جیا و سەربەخۆ لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییدا وەربگرن و وەك قوتابخانەیەك ناوزەندی بکەن. تەنانەت ئەو باوەڕە گرنگەش دروست بوو، کە هونەر بە گشتیی ((دیاردەیەکی دەروونییە، وەك ئەعساب و خەونبینن، بەو مانایەی کاری ئەدەبیی کایە و مەیدانێکە بۆ هونەرمەند و ئەدیب، تا باری دەروونیی خۆیان لەو کایەیەدا دابڕێژن و دەری بخەن چونکە، ((هونەرمەند جیهانێك دەخولقێنێ لە ناو هونەرەکەیدا، تا بتوانێت ئارەزووە بەستراوەکانی خۆی تێدا دابنێت)، بەم شێوازە دەروونزانیی و ئەدەب وەك دوو ڕووباری گەورە تێکەڵ بە یەکتر بوون. (فرۆید) لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر کارە نەستییەکانی مرۆڤ، دواتر هات ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە ئەدەبدا درێژ دەکردەوە، بۆ دڵنیایی و زیاتر دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی نەستی مرۆڤ بە گشتیی وەك (لێکدانەوەی خەونەکان ١٩٠٠، دەروونشیکاریی نەخۆشیی ژیانی ڕۆژانەم ١٩٠١، سێ نامە ( سەبارەت بە تیۆرەی سێکس ١٩٠٥) (عەبدوڵا، ٢٠١١: ١٥).

هێما لای (فرۆید) ((خاوەن دەلالەتگەلێکی سێکسییە و لە نەستەوە دەردەچێت، وەك دەربڕینێك لەسەر نەزعە چەپێنراوەکان، کە زۆر جار لە خەوندا دەردەکەون و زۆربەی هێماکان لە خەوندا هێماگەلێکی سێکسیین. وا دەردەکەوێت، کە هێماکان بەدیلگەلێکن لە بری وتە و کردارە نەستییەکان)). (گردی ، ٢٠٠٨:٩).

ـ هێما لای فرۆید ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:-

(( ١-هێماکان لە شیکردنەوەی خەوندا وەك ڕەگەزگەلێکی لاڵ دەردەکەون، هیچ کەسێك ناتوانێت لێکەوتەی تەواوەتییان بدۆزێتەوە.

٢-جەوهەری هێما لە پەیوەندییەکی جێگیردایە لە نێوان ڕەگەزێکی ئاشکرا و ڕەگەزێکی نائاشکرادا.

٣-ئەم پەیوەندییە جێگیرە لە بنەڕەتدا لەسەر لێکچوون لە شێوە یان قەبارە یان ئەرکدا وەستاوە)). (حسن،٢٠١٠: ٥٠)

هەر (فرۆید) ڕای وایە نووسەر و شاعیر بە سوودوەرگرتن لە هەندێک میکانیزمی، وەک (جێگۆڕکێ و هێمادارکردن)، باری چەپێنراوی خۆی دەخاتە ناو بەرگێکی ئەدەبی و لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە گوزارشـــت لە خۆیان دەکەن ((بۆ سـەلماندنی ئەمەش (فرۆید) بە پشـتبەسـتن بە تەکنیک و داهێنراوەکانی خۆی، هەڵسا بە لێکدانەوە و شـیکردنەوەی هەندێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەریبە جیهانییەکان و کە سایەتی ناو ئەو بەرهەمانەی خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، وەک شانۆنامەی (ئۆدیپ پاشا)ی سۆفۆکلیس و (تابلۆی مۆنالیزا)ی لیۆناردۆ داڤنشی و (هاملێت)ی شکسپیر و ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی فیودۆر دۆستۆیفسکی و ڕۆمانەکانی مارکیز دی ساد)). (مەلازادە، ٢٠٢١: ٢٥٣)

هێمـاکـان بەوە دەنـاســرێن، ((کە هێزێکی دەروونییـان هەیە، زیـاتر لەوەی خـاوەن واتـای ڕاســتەخۆ بن، ڕۆمانتیکییەکانیش هانایان بۆ خەون بردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕووکە شانە، بە پێچەوانەی هێماگەرەکان، کە لە ژێر کاریگەریی فرۆیددا بوون و بە قووڵیی وەریان گرتووە. خەونی هێمایی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان جۆرێکە لە پێڕەوی سـۆفییانە، دووەمیشـیان کانگەی ئەندێشـەی شـیعرییە، ئەم دوو لایەنە لەیەك جیا ناکرێتەوە، بەتایبەتی کە دەزانین شیعری هێمایی لە جەوهەردا جۆرێکە لە وەرزشی میتافیزیکییانە. هەر بۆیە بۆدلێر هانای بۆ مادە سڕکەرەکان بردووە، تا لە نێو جیهانێکی میتافیزیکییانەی خەونئامێزدا بژی)). (حەمەد، ٢٠١٢: ٦٣)

لای (یۆنگ)یش، وەک دیارترین زانای دەروونناسیی، گرنگییەکی گەورەی بە هێما دا و کتێبێکیشـی بە ناوی (مرۆڤ و هێماکانی)ـــیەوە نووسی. (یۆنگ) ((سەرەتا گرنگی بە توێژینەوەی زانستی ئەفسانە و ئایینەکان و هێما کۆنەکان و سرووتەکان و نەریتی گەلە سەرەتاییەکان و خەونەکان و نەخۆشییە دەمارییەکان و وڕێنەی نەخۆشە دەروونییەکان دا، گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی تێیدا کەســێتیی تاکی بە بەرهەمێك و دەورییەك هەژمار کرد مێژووی پێشـــینەی تێدایە، چونکە ئەفســـانە و دابونەریتە کان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، چۆن ڕەنگی قژ و چاوە کانی بۆ دەمێنێتەوە (بۆماوەیی)، ئاواش بیرۆکە پەتییەکان و هێماکانی بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەشـــە، کە یونگ زاراوەی (نەســتی کۆمەڵ)ی لێ دەنێت، کە بە گەنجینەی بیرەوەرییە شـاراوەکان هەژماری دەکات، کە مرۆڤ بۆی ماوەتەوە لە ڕابردووی پیشینانی)). (حسن، ٥٢:٢٠١٠)

جێی باســە، کە کۆنەســت لای (یۆنگ) جیاوازە لە لایەنە بۆماوەییەکانی (فرۆید)، چون فرۆید ئەم بۆماوانە، یان هەمان شـت، کە بە (بقای قدیم) لای فرۆید دەناسـرێتەوە، تەنیا بە بۆماوەی باوانەوە دەبەسـتێتەوە، بەڵام لای (یۆنگ) کۆنەســـت پەیوە ندییەکی تێکڕایی بە دابونەریت و فەرهە نگ و ئایین و تەوتەم و هێما و ڕەمزە کانی کۆنی هەموو گەلەوە هەیە، کە بە شێوەی جیاواز لە ژیانی ئێستایی کە سەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە. هەر خودی (یۆنگ) ((هێمای بە تاکە ئامرازی ئاســـان بۆ مرۆڤ هەژمار کرد بۆ دەربڕینی واقعێکی هەڵچوونی زۆر ئاڵۆز، بۆیە هێماکان بەکار دێنێت وەك ئامرازێك بۆ چوونە ناو دڵی مرۆڤ)). (عبدالنور، ١٢٤:١٩٨٤). هەڵبەت (یۆنگ) جیاواز لە (فرۆید) جگە لەنەســتی تاك بایەخی گەورەی بە نەسـتی کۆ دا، بەرجەسـتەکردنی نەسـتی تاك لە ڕێگەی هێماوە هاوبەشـی دەکات لەگەڵ نەسـتی کۆدا، تێگەیشتنی لەلایەن نە ستی ئەوی ترەوە ئا سانتر دەکات. بە دیدی (یۆنگ) نە ست، یان نائاگایی تاك کۆگایەکە لە شارەزایی و هۆشیاریی مرۆڤەکانی پێشووتر (نەست یان نائاگایی گشتیی) و گواستراوەتەوە بۆ هەر یەك لە ئێمە.

ئەم پەیوەستییەی هێما بە دەروونەوە وای کردووە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی هێما زۆرجاران بەربەست و ئاستەنگ لای لێکۆڵەران و توێژەران دروست دەکات، بۆیە شیکردنەوە و ڕاڤە و تیۆری جۆراوجۆر و دژیەکیش دەربارەی واتای هێما و ڕۆڵ و ئەرکی هێما دروست دەبن، چونکە ((هەر هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتنی هێماکان و شیکردنەوەیان پێویستی بە تێڕوانینێکی مرۆڤناسییە، دیراسەت و شیکردنەوەی کۆڵەکەکانی بونیادنانی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریی ئاوێتە دەبن لەگەڵ کۆمەڵێك هێمای باودا، چونکە ئەوە کۆمەڵگایە، کە واتا بە هێماکان دەدات)). (ذیاب، محمد ،٢٠٠٤: ١٧١)

لە تێڕوانینێکی تردا هاتووە پاڵپشت بە تیۆرییەکەی (ئەفلاتوون)، شتەکانی جیهانی هەستپێکراو ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی شتەکانی جیهانی ئایدیان. لەم ڕووەشەوە ((فۆرمی دەقە شیعرییەکانیش زادەی هێما و تەمومژی جیهانی دەروونن بە مەبەستی گەیشتن بە هەقیقەتی شتەکان، لایەنی دەروونیش لە ڕووی زمانەوە هۆکارێکە بۆ سرووش و دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ، کە بە حاڵەتە ئاساییەکەی دەرنابڕدرێت)). (محمد، ٢٠١١: ١٤٥)

**بەشی دووەم: هێمای دەروونی لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا**

لە میانی ڕۆچوون بە ناو دەقەواڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، دەبینین دەربڕینی دۆخە دەروونییەکان لە ڕێگەی هێماوە بەربڵاوە، لە کۆی دەقەواڵاکان و تەنانەت دەقەجیاوازەکانی تریدا بەرچاون و بوونەتە هۆی چیکردنی زمانێکی سۆزدار و کاریگەر و جیاواز. ئەم جۆرەش لە هێما ئەو پانتاییە لەبەردەم شێرکۆدا دەکاتەوە، کە ئارەزوو و دۆخە دەروونییەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەوەوە دەرببڕێت، دەربڕینی دۆخە دەروونییەکان لە ڕێگەی هێماوە هەزارلۆ و پێچاوپێچە و هونەریانەتر و شیعرییانەتر لای شیرکۆ دەردەکەون و هێزی دەربڕینیان جیاوازتر کەوتووەتەوە.

بۆ نموونە لە دەقی واڵای (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ)دا، لەڕێی هێماگەلێکەوە مەبەستە دەروونییەکانی نێو نەستی خۆی دەکێشێت و دەڵێت:

***تۆ پیاسەی شیعرێکی ڕیشهاتووی***
***تۆ باخی مەراقی ئەم شارەی.***
***تۆ چوویتە کۆڵانی دووکەڵ و***
***ناو چڕە تووترکی ئەشکەنجەی خەڵکەوە و ئەپرسی:***
***نیشتمان بەردە یان ڕووبار؟!***
***نیشتیمان دایکمە یان باڵندەی نزارە؟!***
***نیشتمان خوێنە یان هاوارە؟!***
***نیشتمان شیعرە یان خەونێکی هەوارە؟!***
***ئەتپرسی: ئەم عەشقە لە کوێوە هاتە ناو لەشمەوە و لە کەیدا هەڵقوڵی؟!***
***خاچێکی ڕیشهاتووم***
***خەریکە یەکەمین هۆنراوەم پێ ئەگرێ.***

***وا ئیستە دەوەنی وشەی من خەریکە***

***وەك باڵای ئەرخەوان هەڵبچێ و ئەرخەوان باڵ بگرێ.*** (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ: ٧٧)

وەک دەبینین لێرەدا شـــاعیر بە گێڕانەوەی ســـەربووردەی ژیـانی خۆی و تـاقیکردنەوەی شـــیعریی و مۆتیڤی شـیعرەکانی، کە پڕبووە لە خەمی نیشـتیمان و شـار و خەمی لە کۆڵنانی ئازارێك، کە وەك خاچ بە کۆڵیەوەیەتی، هێما دەروونییەکانی شیعرێکی ڕیشهاتوو (هێمایە بۆ خەم)، باخی مەراق (هێمایە بۆ زۆری مەراق)، کۆڵانی دووکەڵ (هێمای ڕێگەی تاریك)، خاچێکی ڕیشـهاتوو (هێمای ئازار) و چڕە تووتڕکی ئەشـکەنجە (ئەشـکەنجەی دڕکاویی)، وێنا کردووە، دوای هەموو ئەم ئازار و مەراق و خەمە چڵچڵ و چقڵاویانەش هێشتا پرسیاریان لە نیشتیمان لەبیر نەبردوویەتەوە.

لە دەقێکی دیکەدا شـاعیر، بارە دەروونییەکەی خۆی لە وێنای (با)دا بەرجەســتە دەکات، بایەکی شـێت، با هێمای نـاجێگیریی و شـــوێنبەخۆنەگرتنە، جـارێـک ئەبێـت بە شـــیعر، بەڵام مەســـت. جـارێکی تر بە چیرۆک، چیرۆکێکی پشـــتکۆ ماوەی  ناو خەڵوەتێکی ســـۆفیانە، دەبێتە پەخشـــانێکی بێ‌ماڵ و دوا جاریش بە شـــانۆی گەڵاڕێزان، ئەم جێبەخۆنەگرتنە دەروونییە لای (شـــێرکۆ) لە ئاســـتی فۆرمی بەرهەمەکانیشـــیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەقی واڵای لێ بەرهەم هاتووە و هەروەکو دەڵێت:-

***منی نووسەری ئەم دەقە دێرزەمانە***

***لەم شارەدا چون "با"یەکی شێت و وێتی***

***پێخاوسی شەروالدڕاوی سەرگەردان***

***دێم و دەچم و جارێك ئەبم بە شێعرێکی***

***مەست و سەرخۆشی مەیخانە و جارێکی دی***

***ئەبم بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانە و***

***یان بە گوناحی بێداڵدە و یان بە پەخشانی***

***بێماڵی ئەو دەشتانە و یان بە شانۆی گەڵارێزان.***

***تەنیاییشم قەلەباچکەیەکە لاواز ملڕووتاوە***

***هەموو ڕۆژێ لە چایخانەیەکی بچووکی هەلمدودا لە سەر کورسییەکی ماندوو***

***لە سەر کورسییەکی تاکی گۆشەگیری بەساڵاچوو***

***هەڵئەنیشێ و دائەنیشێ و دەستی مەراق ئەخاتە ژێر چەنەی یاد و***

***یەك لە دوای یەك وەك سیگار تەم ئەکێشێ و***

***کورسی ئەکەوێتە قسە و دووکەڵیشم بە زمانی خۆڵەمێشیی***

***لە سەر دەرگا بێ یان دیوار،***

***هەرچی ئەو بیڵێ ئەینووسێ.*** (کورسی: ١٢)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە پارچەشیعرێکی دیکەدا وێنەگەلێکی هێمایی مەبەستدار دەکێشێت و نەستی خۆی ئاوەڵا دەکات، کە هەمیشە بە دوای نوێگەرییەوەیە و ڕۆژانە مژۆڵیەتی و لە نێو ناخود ئاگای خۆیدا ناڕاستەوخۆ ئاگایی خۆی پێش خوێنەر و ڕەخنەگر دەخات (بە تایبەتیی بۆ تراژیدیایەکی وەك هەڵبجە پێویستی بە ئاسمانی شیعریی نوێ هەیە بۆ بینینی ئەم مەرگەساتە)، هەروەکو دەڵێت:-

***منیش نیازمە، ئەم گۆزەیەی سەروملم تێك بەمەوە.***

***جارێکی دی بیشێلمەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکە،***

***ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ. شیعرەکانم فێنك ناکا و***

***وشەیشی پێوە ناوەستێ. منیش نیازمە، گردۆڵکەیەکی***

***چەپەکی ناو دەروونم، بکەم بە گۆڕستانی هەموو***

***بەرهەمە مردووەکانم. نیازم نییە گۆڕەکانیان***

***بۆ هەڵبەستم. یاخود لەسەر کێلەکانیان هیچ***

***بنووسم. نیازم وایە ئیتر ئەستێرەی یادگار، لە کلۆری***

***هیچ دارێکی زڕی خەڵکا نەشارمەوە. نیازم وایە،***

***من لە ساکۆی ئەم مەڕمەڕی ڕەشی شەوە، پەیژەی***

***هەتاو دابتاشم. نیازم وایە بۆ ئەم فڕینە تازانە،***

***ئاسمانی نوێ، شەقڵی نوێ، بدۆزمەوە.*** (دەربەندی پەپوولە: ٥٦)

وەک دەبینین، لێرەدا شاعیر سەروملی خۆی چواندووە بەگۆزە، گۆزەش بە هێمای خەزنکردن و هەڵگرتن دێت بۆ داهاتوو، (تێکدانەوەی ئەم گۆزەیە و شێلانەوەی)، کە هێمایەکی دەروونییە و شاعیر هێما بۆ خۆدووبارەنەکردنەوەی ئەزموونی شیعریی خۆی دەکات و هەست دەکات ئاوی خەیاڵی لێ ئەتکێ و گۆزە کۆنەکەی سەری شیعرەکانی فێنك ناکا. شاعیر لە ڕێگەی کێڵگەی وشەکانی گۆزەوە، کە بریتین لە لێکسیکە واتاییەکانی (شێلانەوە، ئاولێچکان، فێنککردن، ئاوپێوەنەوەستان) و لەبەرانبەریشدا کێڵگە وشەییەکانی سەری خۆیشی بەلێکسیکەکانی، وەك (خەیاڵ، شیعر، وشە) دەورە دراوە، هێندجوان تێکەڵی کردوون و ماتیماتیکیانە لێکی داون، کە دەتوانین لەم دیوەوە هەناوی زیوین و ناسکی ئێستاتیکای زمانی کوردی ببینین و بەر شیعرییەت و وێنە بکەوین، هێندە جوان یاریی بە وشەکان کردووە و لێکی داون، ئەو بەراوردەی ڕەخنەگری ڕۆمانی(کۆنتلیان)مان بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: ((باشیی و خراپیی دەقە ئەدەبییەکان دەبەستڕێتەوە بەوەی کە تاچەند خاوەنەکانیان توانای یاریکردنییان بە وشە هەیە، کە کەرەستەی سەرەکی هەردەقێك پێك دێنن)). (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٦)

کێڵگە وشەییەکانی سەری شاعیر و گۆزە و نزیککردنەوەی هەردووکیان بە دەستەواژەکانی ناوەڕاستیان:

سەری شاعیر گۆزە

خەیاڵ -------- ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ -------- ئاولێچوون



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شیعر-------- شیعرەکانم فێنك ناکا---------فێنك‌نەکردن

وشە ------وشەیشی پێوە ناوەستێ--------ئاوپێوەنەوەستان

بەدواشیدا وێنەیەکی تری هێمایی دەروونی بە هەمان ڕیتم دووبارە کردووەتەوە و وێنەی گردۆڵکەیەکی چەپەکی ناو دەروونی خۆی (هێمای نەچوونەوەسەر و فەرامۆشکردن دێت) بکاتە (گۆڕستان) و گۆڕ بۆ بەرهەمە کانی هەڵبەستێت (لێرەدا، هونەرێکی ناسکی پۆشینی هەڵبەستنی گۆڕ و هەڵبەستنی هۆنراوە و بەرهەمەکانی هێناوەتەوە)، بەدەوری لێکسیمی (گۆڕستان)دا، لێکسیکەکانی، وەك (مردوو، گۆڕ، کێل، هەڵبەستن) دەهێنێتەوە. لێرەدا، شاعیر لەبارەی شیعر و بەرهەمەکانی خۆیەوە دەدوێ لەهەمبەر ئەم کارەساتی هەڵەبجەدا و درك بەوە دەکات، کە ئەم جۆرە زام و کەسەر و ئاهانە، وشە و خەیاڵ و پێنووس و دنیابینی نوێتری دەوێ، سا شاعیر وتەنی لەم مەرمەڕی ڕەشی شەوەوە دەبێت پەیژەی هەتاو دابتاشرێت و بۆ ئەم فڕینە نوێیە ئاسمانی نوێ و شەقڵی نوێ بدۆزێتەوە.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا و لە دەقی والای (ئێستا کچێک نێشتمانمە)دا، دەنووسێت و دەڵێت:

***من لە گەڕەکی پاییزدا لەدایك بووم***

***تەنیایی مەڵاشوومی هەڵداوەتەوە.***

***قوماتەکەم گەڵای وەریو بووە.***

***باوکم ناوی "بریندار"ەو***

***دایکیشم ناوی "خەزان"ە***

***لەگەڵ ڕاپەڕین"ی چاو سەوزدا***

***هەردووکمان لە ڕۆژێکدا چاومان هەڵهێناوە.***

***ئەو شیری دایکی منی خواردووەو***

***منیش شیری دایکی ئەو.***

***من زۆر دەمێکە باوکم چۆتە لای گڵ***

***نیشتمانی پیرۆز بە دەستە پیرۆزەکانی خۆی***

***بەر لە دە ساڵ***

***لە بەیانییەکی تەماویداو***

***لە پێچی مێژوویەکی شوومدا***

***ئەو کاتەی وڵات بووبوو***

***بە دەستاڕێکی گەورە گەورەو***

***براکانیش یەکترییان پێ ئەهاڕی!***

***لەو دەمەدا سێ فیشەکی گڕداریان لەسەریا چاند.***

***من لەگەڵ نان و ئاوی***

***کوژراودا گەورە بووم.*** (ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ٢٣٥)

لە ڕاســتیدا، بەخوێندنەوەی ئەم دەقە شــیعریە، دەکەوینە نێو فەزایەکی خەمئاوەر و مۆتەکە دارەوە، کە دەتوانین بڵێین (شـێرکۆ) لە بەکاربردنی هێما و وێنەییە دەروونییەکاندا (هێشــووە هێما و هێشــووەوێنە)ی درووســت کردووە. ڕاستەوخۆ و خێراتر لەوانی تر دەنیشنە سەر هەست و نەستی خوێنەر. واتە هێما دەروونییەکانی لە کێڵگەی واتایی و وشــەکانی ئازار و نەخۆشــی و بەرگەنەگرتن و مردن هێناوەتەوە، ئەوانیش (گەڕەکی پایز، هەڵدانەوەی مەلاشــوو لە لایەن تەنیاییەوە، قوماتێ لە گەڵای وەریو، باوکی بریندار و دایکی خەزان، چوونە لای گڵ، پێچی مێژوویەکی شــووم، دەســتاڕی وڵات و هاڕینی براکان، چاندنی فیشــەك لە ســەردا، نان و ئاوی کوژراو)، ئەم هێما زمانییە دەرونییانە (ڕامبۆ)ئاســا ئاشــکرکردنی دەروونی پەنهانمان لە ڕێگەی توانای زمانەوە بۆ دەردەخات. هەروەها گەڕەکی پایزی ئەم وڵاتە زادگای شـاعیرە و هەر لەدایکبوونیەوە وەرین و زەردبوون بووەتە چارەنووســی و هێما بۆ ئەو بارە دەروونییەی خۆی دەکات لە تەمەنێکی زووەوە. کەوتنی مەلا شوو و هەڵدانەوەی لە لایەن تەنیاییەوە هەر بە منداڵی چارنوو سێکی ترە . هەر لەو فەزا پـایزییەدا لەبری قومـاش گەڵای وەریویـان لێپێچـاوە. بـاوکێکی بریـنـدار بە خەمی نەتەوەکەی و دایکێکی خەزان، کە بێ کەس و بێ هاوژین ماوەتەوە و مرۆڤە گەورەکانی دەوروبەری ڕۆژگار وەراندوونی. دەســتاڕی وڵاتێ لە مێژوویەکی شـەڕاوی و شـوومدا بەدەسـت براکانەوە، هێمای وەردوخاشـکرن و پارچەپارچەکردنی جەسـتەی براکانە بەدەستی براکەی ترییەوە، تا لە کۆتاییدا هێما گەورەکەی مانەوەی مرۆڤ بەرباس دەدات، کە نان و ئاوە، چ نان و ئاوێ ئەوانیش کوژراو و شەلاڵ بەخوێنن، ئیتر مرۆڤ لەم فەزایەدا چۆن دەژێت و چۆن خەم دەستبەرداری دەبێت؟

لە پارچە شیعرێکی دیکەی پڕ وێنەی دەروونیدا، دەڵێت:

***-هەڵەبجەی حەلاجم چیت بینی؟!***

***-لەم بەری کەناری گیانمەوە:***

***بەهاری ڕمووزن.***

***گوڵی دڕ.***

***خۆری کوێر.***

***بەفری ڕەش.***

***(با)ی خنکاو.***

***ڕووباری زۆر زبر.***

***بارانی وشك و ڕەق.***

***گڕی سارد.***

***خوێنی زەرد.***

***هاژەی کەڕ.***

***گرمەی لاڵ. چیم بینی؟!***



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

***کۆتری ڕق***

***غەدری هەق***

***تاوانی فریشتە***

***منارەی جەردە و دز.***

***-ئەی لەو بەرکەناری گیانتەوە؟***

***-بڵێسەی خۆڵەمێش.***

***شۆڕشی مردووەکان.***

***لافاوی وشکانی.***

***هاواری بێ دەنگی.***

***پڕشنگی تاریکی.***

***هیوای نائومێدی.***

***سەوزایی تینویەتی.***

***تێرێتی برسێتی و***

***فڕینی کێوانم من بینی!***

***-لەم دێرە بەو لاوە ئاوەڕۆی وشەکان***

***لە دەنگما ئەگۆڕم.***

***لەم ڕەنگە بەو لاوە بافڵی ڕەنگەکان***

***لە چاوما ئەگۆڕم.*** (دەربەندی پەپوولە: ٧١)

بەکاربردنی دوالیزم و وشـــە دژ و یەکنەگرتووەکانی نێو ئەم پارچە شـــیعرەدا، هێما بۆ دەروونێکی درِدۆنگ و پڕ ماخۆلان و چموچارکەر دەکات لە نەســـت و ناخودئاگای شـــاعیر دەکات لە تاو کۆســـتی گەورەی پێنج هەزار مرۆڤی هەڵەبجە، لێرەدا پرســـیار لە هەڵەبجەی چوون حەلاجی لە ســـێدارەدراو دەکات و پێی دەڵێ چیت بینی لە هەردوو کەناری گیانتەوە، هەڵەبجەش بەو هێما دەروونییە دژوازانە کە گوزارشت لە کۆستی خۆی دەکات و فەرهەنگێکی نوێی لە لێکدانی وشـــە لێکدژەکان ئەهێنێتەوە و ئەڵێ ئەوەی تۆ نەتبینیوە، من بینیم، هەموو شـــتێکم بینی، لێ هیچی لە شوێنی خۆیدا نەماوە، ئیتر تۆش ئەبێ بۆ من ئاوەڕۆی وشە لە دەنگتدا بگۆڕی بافڵ و شەلالی ڕەنگەکانیش بگۆڕی وەك چۆن منیان گۆڕی و هیچ شتێکم لە شوێنی خۆیدا نەما، تۆ بەو فەرهەنگەوە کە هەتە ناتوانی گوزار شت لەمن بکەیت ئەو هێما دەرونیانەش وەك ( بە هاری ڕمووزن، گوڵی دڕ، خۆری کوێر، بەفری ڕەش، «با»ی خنکاو، ڕوو باری زۆر زبر، بارانی وشك و ڕەق، گڕی سارد، خوێنی زەرد، هاژەی کەڕ، گرمەی لاڵ، کۆتری ڕق، غەدری هەق، تاوانی فریشتە، منارەی جەردە و دز، بڵێســەی خۆڵەمێش، شـۆڕشـی مردووەکان، لافاوی وشـکانی، هاواری بێ دەنگی، پڕشـنگی تاریکی، هیوای نائومێدی، ســـەوزایی تینویەتی، تێرێتی برســـێتی و فڕینی کێوان). هەموو ئەمانە هێمان بۆ لاســـەنگی و ترنجان و



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تێکدان و ئاخنین و لێکدانی بە ناحەق و بەزۆر ، بەهار، کە هەمیشـــە جوانە، بەهاری منی هەڵبجە بووبە دەعەجان و ڕمووزن و ڕوومەتی ســـەوزاییان تێکداوم و بۆنی گوڵ و خاکیان شـــێواندووم. خۆر، کە مۆتیڤی بینایيە، خۆری ئەو ڕۆژەی من کوێر و نابینابوو، بەفرم ڕەش هەڵگەڕا، هاژە و گرمەی تۆپبارانم کەس نەیئەبیســـت، من تاوانی بە ناو فریشـــتەکانی ئەوانم بینی، تەنانەت منارەکان بوونە جەردە و دز و گیانی منیان دزی، تا ئەوەی دەڵێت کێوەکان لە تاو ئازاری منا و لە حەژمەتان فڕین، کەس لە جێی خۆی هەڵنەسا بۆ من و تەکوجمێکیان نەکرد.

ئەمە ئەوەیە، کە لای (فرۆید) و (یۆنگ) کانگای داهێنان بریتییە لە نائاگایی، ((لای (فرۆید) ئەم نائاگاییە بریتییە لە نائاگایی تاکەکەس، لای یۆنگیش بریتییە لە نائاگایی کۆ، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لای یۆنگ تێکەڵەیەکە لە ئاگایی فەردیی داهێنەر و ئەو نائاگاییە جەماعییەی لە کولتوور و کەلەپووری کۆدا خەزن کراوە، لەمەشدا ژمارەیەکی بێشومار کۆد و هێمای زیندوو هەیە، کە شـاعیر و نووسـەر بۆ وروژاندنی هەسـتەکان و بۆ گوزارشـتکردن لە ئاگایی کۆمەڵگە بەکاری دەهێنن)). (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٤٨)

لە پارچە شـیعرێکی دیکەدا، شـاعیر حاڵەتێکی دەروونی خۆی بەرباس دەدات و لە ڕێگەی (بوون بە دووکەس)ەوە، هێما بۆ دووکەرتبوون و دوولەتی کەسێتی و دەروونی و خەیاڵەکانی خۆی دەکات، بە فۆرمێك کە یەکەمیان بینراوە و ئیگۆ-ego-ی شاعیرە ئەوەی، کە ڕۆژانە لە بازاڕ و فەرمانگەکان و سەر شەقامەکاندا دەبینرێت، دووەمیشیان ئەو، ئای-دی، -Idای شـاعیرە لە ناخودئاگای خۆیدایە و کەس نایبینێ و لە ژووری خەیاڵدایە و لە خەڵوەتێکی سـپیدا، سـەرقاڵی نووسینی شیعرە، تێیدا دەڵێت:-

***ئەگەرێك هەیە من بۆ خۆم ببم بە دوو کەس سبەینێ***
***کەسی یەکەمم ئەوە بێ، کە ڕۆژانە لەسەر جادەو***
***لە فەرمانگە و لە بازاڕدا ئەبینرێت و***
***کەسی دووەمیش ئەوە بێ لە هیچ شوێنێ نەبینرێت و***
***هەر لەناو ژووری خەیاڵداو***
***لە خەڵوەتێکی سپیدا خەریکی شیعرنووسین بێ!*** (تەون:٥٩).

**ئەنجام:**

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-**

١-هێما زاراوەیەکی باوی کۆن و نوێی کۆی نێو زانستە پراکتیکیی و سروشتییەکانە، هەر زانستە بۆ خۆی و بەپێی سروشتی کارەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە، دیارترین و کورتترین ناساندنێکیشی بریتییە لە دانانی شتێک مادی، یان واتایی لەبری شتێکی تر بەهەمانشێوە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٢-لە ئەدەبیاتدا و بەتایبەتی لە شیعردا، بەو هۆیەی کە شیعر سروشتێکی کورتی و چڕی هەیە، کە بەشێکی لە هێمادا بەرجەستە دەبێت، هاوکات سروشتێکی تەمومژاو و لێڵیشی هەیە، کە ئەمەشیان هەر لەڕێگەی هێماوە حەشار دەدرێت.

٣-لە دەروونناسیشدا، هێما یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەردوو دەروونشیکاری ناودار، (یۆنگ) و (فرۆید) لایان لێکردووەتەوە، فرۆید خەونی وەک هێمایەک بینیوە و (یۆنگ)یش دەستنیشانی ئارکیتایپە (شاهێما) مرۆڤایەتییەکانی کردووە کە لەسەردەمە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە، بێگومان شاعیرانیش بێبەش نەبوون لە خەون و شاهێماکانی مرۆڤایەتی و لە ئاگاییدا، یان لە نائاگاییاندا هاتووەتەوە و لەڕێگەی شیعرەوە بەرجەستەیان کردووە.

٤-شێرکۆ بێکەسی شاعیریش بەو هۆیەی توانایەکی گەورەی لە دەستبردن بۆ ناخودئاگای خۆی هەبووە و لەڕێگەی شیعرەکانییەوە و بەتایبەتیش دەقەوالاکانی، هێماگەلێکی دەروونی ناوازە و لەوێنەنەبووی لەڕێگەی زمانە دەوڵەمەند و خاوەن فەرهەنگە پانوپۆڕەکەی و وێنە شیعرییەکانییەوە، چێکردووە. ئەمەش چ لە وەسفی باری دەروونی خۆیدا بێت، یاخود لە بەرباسدانی ئەو کارەسات و جینۆسایدانەی بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١- ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢-ئیبراهیم، محمد عبدالکریم(٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە( ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر بەنموونە)، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٣-بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٦)، دەربەندی پەپوولە، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە.

٤-بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٦)، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە.

٥-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، گۆڕستانی چراکان، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

٦-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، کورسی، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

٧-بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٩)، تەون، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٨-بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤)، ئێستا کچێك نیشتیمانمە، چاپی یەکەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان.

٩-حسەینی، ڕەزا سەید (٢٠١٨)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی سارا.

١٠-حەمەد، د.پەخشان سابیر (٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(کرمانجی خواروو(١٩٧٠-١٩٩١))، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم.




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١١-خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، بەڕێوەبەرێتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.

١٢-دزەیی، د.عبدالواحد مشـیر(٢٠١٥)، زانسـتی سـیمانتیك، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

١٣-ڕەئوف، د.لوقمان(٢٠١٦)، دەقی شـیعری کوردی لە ڕوانگەی سـیمۆلۆژییەوە(١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی.

١٤-عەبدوڵا، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەروونشیکاریی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم.

قطوس، د.بەسـام (٢٠١١)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د.محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان.

١٥-کرمانی. د. فەرهاد نازرزادە( ٢٠٠٠)، هێماگەرایی لە ئەدەبیاتی شـانۆیی دا، و: پێشـڕەو حسـین صـالح، سـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٦-کۆهین، جان(٢٠٠٨)، بنیاتی زمانی شـیعری، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: د.ئازاد عبدولواحێد و عەلی بەرزنجی، کەرکووك، یەکێتی نووسەرانی کورد.

١٧-محەمەد، د.عەبدولقادر حەمەئەمین(٢٠١١)، ئەدەب و ڕێبازەکانی(ئەوروپی- کوردی)، چاپی یەکەم، سـلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.

١٨-مەلازدە، د.ڕێبوار محەمەد(٢٠٢١)، زانسـتی دەق لە ئەدەبیاتدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١-ادونیس، علی احمد(١٩٧٠)، مقدمه للشعر العربی،الطبعة الثالثة، بیروت، دار العود.

٢-الافریقی، ابن منظور(١٩٩٧)، لسان العرب، المجلد الخامس، بیروت، دار الصادر.

٣-تاوریریت، بشـیر(٢٠٠٨)، الشـعریه والحداپه بین أفق النقد الادبی و أفق النظریه الشـیعریه، طبعة الاولی، دمشـق، النشر دار رسلان.

٤-تودوروف، تزیفتـان(٢٠١٢)، نظریـات فی الرمز، ترجمه: محمـد الزکراوی، الطبعه الاولی، بیروت، المنظمه العربیه للترجمه.

٥-ذیاب، محمد علي(٢٠٠٣)،الصورة الفنیة في شعر الشماخ ، عمان، مكتبة وزارة الثقافة.

٦-صـلیبا، د.جمیل(١٩٨٢)، المعجم الفلسـفی (بالافاظ العربیة والفرنسـیة والنكلیزیة واللاتینیة)، الجزء الاول، دار الكتاب البنانی، بیروت.

٧-عبدالنور، الجبور(١٩٨٤)، المعجم الادبی، طبعه الثانیة، بیروت، دار العالم للملایین.

٨-وهبه، مجدی(١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادب، بیروت، مكتبة لبنان .

**سەرچاوەی فارسیی:**

١-دهخدا، علی اکبر(١٣٤٢)، لغتنامه دهخدا، حرف (ر)، تهران، سازمان مدیریت برنامه ریزی کشور.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- CIRLOT, J. E. (1971), a dictionary of symbols, Second edition, British Library Catalogue, London.

2- Cuddon, J.A (1999), dictionary of literary terms and literary theory, fourth edition, penguin books, USA.

**نامەی ئەکادیمی:**

١-حسن، بيساران(٢٠١٠)، الا شكال الرمزية فى اللوحة التشكيلية المعا صرة فى كورد ستان العراق، ر سالة ماجستير، جامعة السليمانية.

٢-گردی، سوزان مشير حمد (٢٠٠٨)، الرمز في شعر أمل دنقل، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين.

٣-کەریم، فەرهاد قادر(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.